# نەخۆشخانەی لەدایکبوون یان قەسابخانە

**داستان ئاسودە**

بێچارەیی ژنان هەر لەیەکەم ساتی لەدایکبوونیاندا تا ئەو کاتەی خۆیان دەبنەوە دایك بەرچاوو دیارە. ئەوەتا لە نەخۆشخانەکانی لەدایکبووندا ئەم دیاردەیە زۆر بە چاکی دیار دەکەوێت. سەیرە... هەر ژنان خۆیان ئازاری ژنانی وەکو خۆیان دەدەن وەکو بڵێی تۆڵەی بە ژن بوونی خۆیان لە یەکتر بسێننەوە. ئەگەر سەردانێکی نەخۆشخانەی ئەمەلی لەدایکبوون بکەیت ئەوکات بۆت دەردەکەوێ کە (هەندێك) لە پزیشکە ئافرەتەکان بە چ شێوەیەك رەفتار لەگەڵ دووگیانەکان دەکەن. ئەم دووگیانانە تا کۆرپەکانیان دێتە ژیان خۆیان چەند جارێك دەمرن‌و دەژیێنەوە لەبەر نەبوونی سەرپەرشتی تەواوو پاڵپشتی دەروونی کە لەهەموو کاتێك زیاتر پێویستە بۆیان. کەچی لەبری ئەوە پزیشکەکان بە دەنگ بەرزکردنەوەو قاوقیژ کردن قسەی ناشیریانیان پێدەڵێن‌و سوکایەتیان پێدەکەن. جگە لەوەی زۆرجار دەدرێنە بەر شەق‌و لاق راکێشان بە شێوەیەکی نامرۆڤانە. هەندێ جاریش بێ هەست کردن بە بەرپرسیارەتی‌و ئەو ئەرکە گرنگەی کە لەسەر شانیانە بە رزگارکردنی (دوو) گیان، بۆ ماوەیەکی زۆر ئەم ژنانە فەرامۆش دەکەن‌و بەم ئازارە زۆرەوە جێیان دێڵن. لەبەر کەمی ژمارەی پەرستیاران‌و پزیشکان رەنگە کێشەی فەرامۆشکردن لەبەرچاو بگیرێت، بەڵام ئەمە مانای ئەوەیە نیە کە ژیانی خەڵك بکەوێتە مەترسی‌و یا ئەو کۆرپەیەی دوای نۆ مانگ چاوەڕوانی زەحمەت‌و ئازارکێشان بەبێ گیان لە دایك ببێ یاخود لە هەندێ حاڵەتدا دایکەکە ببێتە قوربانی‌وماڵێك وێران ببێت.

پێویستەو دەبێت وەزارەتی تەندروستی ئاگاداری ئەم کەم‌و کوڕیانەی نەخۆشخانەکانی لە دایکبوون بێت‌و زۆر بە دەست‌و بردیش چارەسەریان بۆ بکات، چونکە ژیانی مرۆڤ بۆ هەرکەسێك نرخی تایبەتی خۆی هەیە، بەتایبەت ژیانی کۆرپەیەك بۆ دایکەکەی کە نۆ مانگ لە زگی خۆیدا هەڵیدەگرێت‌و بە خوێن‌و گۆشتی خۆی گەورەی دەکات.

بۆ زیاتر دەرخستنی کەم‌و کوڕیەکان‌و روونکردنەوەی بابەتەکە هەندێ حاڵەت وەك نمونە دێنمەوە کە راستەقینەن‌و لە نەخۆشخانەکانی لە دایکبوون روویانداوە:-

- لە یەکێك لە حالەتەکاندا پزیشکێکی ئافرەت رقە لە دووگیانێك دەگرێت‌و سوێند دەخوات کە هیچی بۆ نەکات‌و بە ئازارەوە جیَی دێڵێت بێ ئەوەی هیچ حیسابێك بۆ باری دەروونی ئەم ژنە بکات. ئەمیش هەر لەبەر ئەوەی ئە ئەم ئافرەتە دوو گیانە بەرگەی ئازاری خۆی نەگرتووەو تووشی هیستریا بووە.
- ژنێکی تر دوای دوو کاتژمێر لە رزگاربوونی لە کۆرپەکەی ئینجا کاری تەقەڵ لێدانی بۆ کراوە: واتە دوو کاتژمێری تەواو ئەم بەسەزمانە بە تەنیا لەسەر قەلەوێرەیەکی رووت جێهێڵشتراوەو خوێنی لەبەر رۆیشتووە. ئەمەش بەهۆی کەمی پزیشك.
- ئافرەتێکی تر بۆ ماوەی زیاتر لە (10) کاتژمێر بەدەست ژان ناڵاندوویەتی‌و کەس بەلایەوە نەچووە ئاگاداری بێت‌و کەمێك باری دەروونی ئارام بکاتەوە تا کاتی رزگاربوونی دێت.
- ژنێکی تر دوای ئەوەی منداڵەکەی لە سکیدا هەڵدەگوشرێت‌و تووشی ماندوو بونێکی زۆری دەکەن‌و ئازارێکی زۆر بە دایکەکە دەبەخشن، ئینجا رەوانەی ژووری نەشتەرگەری دەکەن. ئەمەش لەبەر نەبوونی زانیاری پێشەکی کە ئایا منداڵەکە بە ئاسایی لەدایك دەبێت یان بە نەشتەرگەری.
- لە حاڵەتێکی تری خەمناکدا، ئافرەتێك تا کاتی لە دایکبوونی کۆرپەکەی هەستی پێی کردووەو لە سکیدا جووڵاوە. بەڵام لەبەر ئەوەی زۆر گوشاریان خستۆتە سەری‌و ئازاریان داوە کۆرپەکە گیانی لەدەستداوەو دایکەکەش تا ئێستا تووشی چەندین گرفت بۆتەوە ناتوانێت چیتر کۆرپە لە منداڵدانیدا هەڵبگرێت تا منداڵدانی نەبەسترێت.

- کۆرپەیەکی تر ئەوەندە گوشاریان خستۆتە سەری رایانکێشاوە، دەستێکیان شکاندووەو ئێستا لێی بۆتە عەیبێکی زگماکیو وادەزانێت خودا هەروا خەڵقی کردووە، نازانێ بەدەستی خەڵقندە بەدەکانی خوداوە وای لێهاتوو.

ئەوەی مایەی سەرنجە لێرەدا ئەوەیە کە بۆچی تا ئێستا هیچ ئافرەتێك نارەزایی دەرنەبڕیوەو لە دژی ئەم کارە نالەبارانەی نەخۆشخانەکانی لەدایکبوونو لەدژی پزیشکەکانیان سکاڵایان تۆمار نەکردووە. لەمەش سەرنج راکێشتر ئەوەیە کە بۆچی تائێستا وەزارەتی تەندروستیو لایەنی پەیوەندیدار بێئاگان لەم کەمو کوڕیانە (بەڵکو لەم تاوانانە) یاخود خۆی لەبەردەمیاندا بێدەنگ کردووە. رەنگە لەبەر ئەوە بێت کە خۆیان (پارە خۆش بێت) مەجبور نین ژنەکانی خۆیان ببەنە ئەم نەخۆشخانانە، چونکە ئەم نەخۆشخانانە تایبەتن بە چینی هەژار، سەرمایەدارانیش نەخۆشخانەی تایبەتی خۆیان هەیە بەڵکو پزیشکی تایبەتیشیان هەیە کە بەردەوام چاودێری ژنەکانیان دەکات.

لێرەدا دەمەوێ ئەوە بڵێم کە هەر ئافرەتێکی دووگیان مافی خۆیەتی بێ هیچ جیاوازیەکی کۆمەڵایەتیو ئابووریو نەژادی رەفتاری لەگەڵدا بکرێتو بەرێزەوە تێیبڕوانرێتو بەچاکی چارەسەر بکرێت، چونکە ئەمانە هەڵگرو بەخێوکەری نەوەی دواڕۆژن. پێم سەیرە تا ئێستا رێکخراوەکانی ژنانو ئافرەتان هیچ هەنگاوێکیان نەناوە بۆ چاکتر کردنی باری دوو گیانو باشتر چاودێری کردنیان. تۆ بڵێی ئەوان رێگەیان نەکەوێتە ئەم نەخۆشخانانە؟؟!! ئەی وەزارەتی تەندروستی دەبێ لەکوێ خەوی لێکەوتبێتو ئاگاداری ئەو هەموو زوڵمە نەبێت کە بەرامبەر ئافرەتی دووگیان دەکرێت. توخوا کاربەدەستان ئاورێك لەم قەسابخانانەی لەدایکبوون بدەنەوە با چیتر کۆرپەکانمانو ژنانی دووگیان ئازار نەکێشنو نەکوژرێن.